# وەزیری ناوخۆ :بەهیچ جۆرێك نابێ بە تەقە وەڵامی خەڵك بدرێتەوە

ساڵی چواردەهەم- ژمارە (٣٧٨٢) پێنجشەممە ٢٠٠٥/٩/٢٢
No: 3782 Thursday 22/9/2005

## وەزیری ناوخۆ: بەهیچ جۆرێك نابێت بەتەقە وەڵامی خەڵك بدرێتەوە

جەمال ئاریز

وەزیری ناوخۆ رایگەیاند: دەبێت خۆپیشاندانەکەی کەلار ببێتە دەستپێك بۆ بەخۆداچوونەوەی دامەزراوەکانی حکومەت لەچۆنێتیی پێشکەشکردنی خزمەتگوزارییەکان و هەڵسوکەوتی هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ.

لەکۆبوونەوەیەکدا، کەدوێنێ (٩/٢١)، لەنێوان بەڕێز عوسمانی حاجی مەحمود وەزیری ناوخۆو هەردوو بریکاری وەزارەت و بەڕێوەبەری ئاسایشی گشتی و ئەفسەران و دەرەجەدارانی ناوخۆدا کە لەهۆڵی شەهید ئارام-ی مەڵبەندی (١)ی ڕێکخستنی سلێمانی بەڕێوەچوو، وەزیری ناوخۆ ستایشی رۆڵی هێزەکانی پۆلیس و ئاسایشی هەرێمی کوردستانی کرد لەپاراستنی ئاسایش و ئارامیی هەرێمەکە، کە بەبەراورد نەك هەر بەعیراق، بەڵکو بەبەراورد بەئاسایشی پایتەختی هەندێك لەوڵاتانی دەوروبەر زۆرباش و سەرکەوتووە، بەڵام نابێت هەڵسوکەوتی هەندێك لەکەسانی سەر بەو دەزگایانە فەرامۆش بکرێت کە لەبەرامبەر خۆپیشاندان و نارەزاییەکاندا پەیرەوی دەکەن.

گوتیشی: لەهەر شوێنێك لەدنیادا دەسەڵات هەبوو، نارەزاییەتیش هەبوو یەکێتیش لەشەخسی جەنابی مام جەلال-ەوە، وا ئەندامەکانی خۆی راهێناوە کە لەبەرامبەر کەموکورییەکاندا بێدەنگ نەبن. بۆیە من دژی ئەو قسانەم کەهەرکەسێك نارەزایی دەربڕی، تۆمەتی ئاژاوەگێڕی و تێکدەریی بدرێتپاڵ.

وەزیری ناوخۆ ئەوەشی راگەیاند: ئەرکی دەسەڵاتە هانی رێکخراوەکانی کۆمەڵی مەدەنی بدات هۆشیاریی بدەن بەهاووڵاتیان لەبارەی چۆنێتیی نارەزایی دەربڕین و پێویستە هەمووڵایەکیش ئەو راستییە بزانن کەئەو دەسەڵاتەی لەهەرێمی کوردستاندایە، لەئەنجامی ئینقیلابێکی سەربازییەوە نەهاتووەتە ئاراوە، بەڵکو بەبری رەنج و خوێن و ماندووبوون و دەنگی کۆمەڵانی خەڵکە. هەربۆیە رێنماییمان داوە بەهەموو دەزگاکانی پۆلیس و ئاسایش کەمۆڵەت بشێوەی یاسایی بەهەموو خۆپیشاندانێك بدەن و بەهیچ جۆرێك نابێت بەتەقە وەڵامی کۆمەڵانی خەڵك بدرێتەوە.

ئاماژەی بەوەشدا: هەرچەندە زۆرینەی بریندارەکانی کەلار لەهێزەکانی پۆلیسن، بەڵام تەقەکردن چارەسەرنییە، بەڵام هەییەت و ناوبانگی حکومەتەکەمان بەلاوە گرنگترە دەبێت دان بەبوونی گەندەڵی و خراپ بەکارهێنانی دەسەڵاتدا بنێین لەلایەن هەندێك کەس و دەزگاوە.

هەر لەکۆبوونەوەکەدا، مامۆستا سەیفەدین بەڕێوەبەری ئاسایشی گشتیی هەرێم ئەوەی روونکردەوە: کە بەداخەوە ئازادیی سیاسیمان هەیە، بەڵام ئازادیی یاساییمان نییەو نە خۆپیشاندەرو نە هێزەکانی ئاسایشی ناخۆو نە بەرپرسانیش سنوورێکی یاساییان بۆ دیاری نەکراوە، کەلەو چوارچێوە یاساییەدا هەڵسوکەوت بکەن. بەبیروراو پێشنیازی گونجاو لەلایەن ئامادەبووانەوە، کۆتایی بەکۆبوونەوەکە هات.